# هەڵبژاردن و ڕیفڕاندۆم  ودیپلۆماسی کوردی.!

* محەمەدی کەریمی *

ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆ

14 ساڵە تاقی دەکرێنـــەوە. چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوە. سەرئەنجام و دوای ئەو هەمووە ئەزموون و تاقیکاریانە ،لە بەردەم هەڵبژاردنێکی چارەنووسساز ومێژوویی ولە کاتێکی بەرتەسک ولە هەلێکی فرە ناسکدا گەمارۆی فیکری دراوین وماوەکەیشی بە ئەســتەمە.

وادیارە تاقیکــەرەوەکانیشــمان تێگەیشتــبێتن. کە کورد بەگشتی قوربانی مشتێک مێشکی قوتابی دواکەوتەن. قوتابییانێکی تەنبەڵ وپەککــەوتە کە پەیتــا پەیتــا و سەرلەنوێ و هەمدیسانەوە دەرس و مەشــقەکانی ڕابــردوو دەنوســنەوە. مێــژووی ڕابردووی بابردوو دووپاتە وچەند پاتەیشی دەکــەنەوە.!

پرسیار ئەوەیە ،ئاخۆ دوای ئەو هەمووە ئەزموون و تاقیکاریانە ،ئێســتەکە و لە مە بە دواوە فێــر بووین.؟ کەمێک لە رووی گفت و گۆکان بسڵەمێنەوە بۆ ئەوەی کتوپڕ ولە نەکاو نەحەبسێن و نەحەجمێن ، بۆ ئەوەی لە یەکەم لێقەوماندا وەخەبەر نەهاتین. تووشی نەهاتی دێین و گــەرلە سەرەتای هەر هەوڵدانێکی نالەبار ولە ئاست هەر سەرهەڵدانێکی خوار وخێچ و مەعکوس وناهەموار ولا بــە لادا ، بــەبێ هەڵوێست وهەل پەرەست یاوەکو سڕ ومات وبێدەنگ و خامۆش و بێ لایەن بمێنینەوە. تووشــی لێقەومانگەلێکــی تاڵ وناخۆش وچاوەڕوانەکراوی تر دەبینــــەوە.؟ لە دوای هەر هەڵەیەکیش پژیوانییە و پژیوانیش سوودێکی ئەوتۆی نییە. تەنیا مایە و دەستمایەی پژیوانی عەزابی ویژدانە وبەس.

ویژدان تەنیا مەحکەمەیەکە کە پێویستی بە قازی و وکیل ومەحامی نییە.

یەکێک لە معادلە گرنگەکانی دنیای نوێی پێشکەوتە و بەگشتی لە جیهانی دیجیتالیدا هەر جۆرە سەرمەقولاتێــک، چەند پاشــقول و چەندین سەرمەقــولاتی دیکــەیشی بە دوایدا دێــت.

هەر چەشنە دواکەوتنێک ،لە هەر بوارێکی ئیداری و کۆمەڵایەتی و ئابوری ورۆشنبیری ونەتەوەیی جیا لە دواکــەوتن وکــەوتن ،زەرەر و زیانگەلێکی دیکــەیشمان پێدەگەیەنێت. هەربۆیە پاڵپشتی لە ئیدارەی کوردی وەک سەنگەرێکی بەرزی دەستکەوتەکان ئەرکی نیشتمانی هەموو لایەکمانە. بەڵام بە پێی پایە و

پلەی دەور وزەمانەی پێشکەوتن ،بەرپرسانی زانیـــاری وپاسەوانانی ڕامیاری وپاراستنی گەل و وڵات و گشت داڕێژەرانی ستراتیــژی گشتی ولاوەکی گەر هەمانــە، لە گەڵ دەورگێرانی پرۆژە داڕشتن و پلان دانان و کارگێرانی سەرەکی ڕاگەیاندنەکانی کوردی بە گشتی گشت گەل لە خۆ کۆ بکــەنەوە. گشــتمان پێویستیمان بە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی کۆمەڵایەتی نەتەوەیی هەیە وەک ئەرکی سەرەکی شێوە و رەفتاری کاری و هەموو ئەو گرنگییانەیش نیازمەندی پاڵپشــتی زێدەتری گشتی و شایانی پێگــەیشــتنی ئیــمکاناتێکی فرەتری کاری ومــاددی و مەعنــەوین.

شەڕی کاتی و شــەڕی داهاتویشمان لە گرەوی شەڕی وریایانەی دیپلۆماسیدایە و سەرکەوتنی زێترمان لە داوێنی ئیرادەی ئیــدارەیەکی ڕێک وپێک وپاک و سەتاسەت فەننیدایــە. ئەشێ هەموو لایەک لە بیری سیستەم دابن.

دامەزراندنی سیستەمێکی ئیداری ودەوڵەتی پتەو و حکومەتێکی نەتەوەیی پێویستی مێژووی سەردەمە. لە هەموو شوێنێکی دورو نزیکی ئەم جیهانە پانە و بەرینەیشدا داڕشتن ودەرهێنان و دەرهێنەر و خولقێنەری خولقاندنی جوانییەکان دەبیــاتەوە. لە ئەستۆی حکومەتدایە خولقێنەری جوانییەکان کۆبکاتەوە.
لە دنیای یاسا و لە جیهانی مرۆڤایەتیشدا ،هەڵسەنگاندنی ڕیزی پێش وپاشی ریزگرتەکانی جوانی یان لیستەی بەرەو جوانی وجوانییەکانیش بەگشتی بە عەیاری خولقاندنە. مقیــاسی قورسی وســووکی قەڵافــەکان و ئوبووهــەتی خولقێنــەرەکانیش هەر بە کێش وچێــژی خولقاندن ودەرهێنانی دەرهێنەر و خولقێنەرە.

کورد ئەشێ شەڕەکانی خۆی لە جبەی جەنگەوە بگۆازێتەوە بۆ سەنگەری ئیدارە و بەرگری دیپلۆماسییانە. هەنگاونن بەرەو بازاری ئابورییەکی نەتەوەیی وکۆمەڵایەتی و بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵێکی یەکگرتوو و رێکخراو و ڕێکخەر. هەر دوو جەمســەری هەڵبژاردن وریفراندۆم ،سەرچاوەی دیپلۆماسی وسیاسی وئیداری وسەتا سەت یاسایی وشەرعین. ئەم دەرفاتانە بۆ گەلێ بێکەس غەنیمەتن. پێشهاتەی سیاسی سەردەم وپێکهاتەی نیازی مێژوویی جیهانن ،نابێت لە کیس بچن. لە قازانج و مەسڵەحەتی گشتییدایە کە بە مەسئولییەتەوە بەرەو پیری بیرۆکەی هەڵبژاردن و ڕیفراندۆم بچن و ئەشێ بە بیرێکی دروست ومەنتیقی ومەعقول ،بیــرلە هەڵبژاردن و لە ڕیفراندۆم بکرێتــەوە.
هەموو چارەنووسەکانی جیهانی ئەمرۆ وداهاتووش لە گرەوی هەڵبژادنەکاندان. مانا و ناوەرۆک و کاکڵی هەڵبژاردن لە ناو پێست و لە شادەماری دوو ووشــەی کورتکراوەی (ئا و نا)دایــە. بەڵام ئەم دووانە هەرکام خۆشی و ناخۆشی فرەیان بە دواوەیە. بۆیە پێویســتە ئەقــڵی کامــڵی تێدا ســەرف بکرێت.

**هەرخـۆشی وناخۆشـییەکی کە بێـت بە دوای ئــەم (ئا و نا)یەدا بە بێگومان بەرەو رووی خاوەن بڕیارەکان دەبنــەوە. ئاینــدەیەکی زۆر نزیک ئەم بەرەو رووبــوونەوانە روون و ئاشـکرا دەکـەنەوە.**

**پرسیارێکی گرنگیش ،ئایە هەڵبژاردن پڕ بە پێست وبە مانای واقیعی خۆی و لەو پەڕی ئازادیدا بە ڕێوە دەچێت.؟ ماوەیەکی چەند شەو چەند رۆژەی گەرەکە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە وبەم زووانە و هەر خودی هەڵــبژاردن بە زبانی بێ زوبانی خۆی دێتە دەنگ و گۆ و هەڵبژاردن بۆ هەموو لایەکی روون دەکاتەوە.! کــێ لە پێشــە و کێ لە دوا و کام لایــەن بــەزیوە وکامــە گەل دابەزیــوە و ژیانی تەزیــوە.؟؟**

**mohammed_karimi**

**⁕ ویژدان تەنیا مەحکەمەیەکە کە پێویستی بە قازی یان وەکیل ومحامی نییە. ئەو ڕستەیە لە بنەڕەتدا فارسییە ولە پشت سەر زۆر وەزیر وگەورەلێپرسراوی ئیداری وبازاری شارەکانی ئێران نوسراونەتەوە و لە قاپ گیراوە وهەڵواسراوە.**